www.kurdistannet.org
14-8-2003 17:39

# ئازاديتان باش. . لاوانى ولاتەكەم

**جوان ئەحمەد عەبدولا**

تاهزری مرۆڤ لە گەشەکردن وکرانەوەی زیاتردابێ ئازادی، زیاتر بەرەولـەتکە دەروا، هاوشانیش بوارەکانی ژیانی ئیمەی مرۆڤیش فراوانتر وئالۆزترەبێت، لە گەل گەشەکردن داهینانی نوێ، لایەنەکانی ژیان زیاتر دەگرێتەوە، پیداویستیەکانی ژیار زۆرتردەبێت لە وژیانە سادەو ساکارەی جاران دەچینە دەروە روەودنیایەکی نوێ هەنگاودەنیین، دەخوازین هەریەکێك لە ئێمە شوینی تایبەتی خۆی هەبێت لە نیو ژیاری کۆمەلگا، هەرچەندە داهێنانەکان ئەوەندە خیّران کە مرۆڤ فریای ناکەوێت رۆژبەرۆژو ساتبەسات بە هۆی ئەوداهێنانەوە پێشکەوتنیزانست وتەکنەلۆژیاجیهان بچوکتردەبێتەوە بەهۆیماس میدیائاگاداری هەموو ئەوگورانکاریانەی دنیا دەبیینپەیوەندی مرۆڤایەتی پتەوتردەبێت، ئەوسنورانەی مرۆڤیش کیشاویەتی بەربەرتێکدەشکێنرین،

مرۆڤایەتی زیاتر هاوسۆزی یەکتر دەبن، بەچاوی مرۆڤانەدەروانە مافەکانی بەرامبەر لە چوارچیوەی مافە سەرەتایو بە هارەوشتیەکان، ئیدی هەموو ئەو سنورە دەستکردانەی کەشۆفێنزم پەرژینی کردبوون لەبەر یەك هەلّدەووشینەوە ونامێنن. لاوان لەو پەری کیشوەرەو بەرەو ئەو ولاتانە دەچن کە ئازادی مرۆڤی تیداژێرپێ کراوە، بەمەبەستی بە دەست هێنانی ئازادی بۆ تاکەکانی ئەوولاتانەی کە چەندین سالّە بەدەست کەلتوریێ ژێردەستی دەنالێنن، بێگومان برینی ئەو هەمووسنورانەش خوی بۆ خوی هەلّوەشاندنەوە ئەوقەیدانەیە کە دوژمنانی مرۆڤایەتی بەدەوری ئازادی تاك وکۆمەلگایاندا کیشاوە، زەمانێك بوو لاوانی وەلاتەکەم بۆبەدەستهینانی ئازادی کون کولـەبەرنەمابو نەیکەنە سەنگەربۆ گەیشتن بەم رۆژە، بیری شۆفینیای بەعس وای لـەلاوانی وەلاتەکەم کردبوو، کە هەموو ئەو داهێنانە فەرامۆش بکەن کە دەبونە هۆی بەرو پێشڤەچونی ژیاری کومەلـگا، سەرئەنجام دکتاتور بەچۆك داهات وتەخت و تاراجی هاتەخوارەوە وتون بەتون چوو. ئیدی لە بەهاری ئازادی وەلاتەکەم گولاّلـەسوری خۆزگەکانی لاوان چرۆدەکات، نەوەی داهاتوش، نەوەیەك دەبیّکەبەئازادی، لە هەناوی دایکیان دێنەبوون، لە فەزایەکینوی ژیان بانگێشە بوخوشگوزەرانی کومەلّگەی مرۆڤایەتی دەکەن، رێکخراوە دیموکراتیەکانیش لەم بوارە رۆلێکی کاریگەریان دەبێت بە تایبەتی رێکخراوەکانی لاوان، چونکە زەمینەی کاری پیشەییلە هەمووکات وسەوردەمێك لە بارترە، دەبا بە هەموو لایەکمان هەولّدەین ناسنامەی ئێمە بەوە بناسرێتەوە کە ولاتەکەمان پیشەنگی دیموکراسییێت لە رۆژهەلاتی ناوەراست.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.